The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
CAK
chak_org@yahoo.com



**چاک له سوێد خۆپیشاندان دەكات دژ به جێبەجێ نەكردنی سزای بڕیاردراو ی دادگا بەرامبەر جەلادانی ئەنفالدا.**

سەرلەنوێ به هەول و فشاری زۆر لەلایەن و ناوەندی سیاسی عێراقی و كوردستانی و هەندێ ولاتی عەرەبی سونه مەزهەب كه هەوڵ دەدەن یەكێك له جەلادانی ئەنفال (سوڵتان هاشم ) سزاكەی لەسەر كەم بكرێتەوه یان ئەوەتا بەناوی ئاشتەوایی نیشتمانی بەر لێبوردەیی بكەوێت ، ئەمەش تاوانێكی تره دەرهەق بەگەلی كورد بەگشتی و قوربانیانی ناوچه ئەنفالكراوكیمیاباران كراوەكان به تایبەتی.

ئێمه پێمان وایه دەسەلاته سیاسیەكانی كوردستان له ( سەرۆكایەتی هەرێم ، حكومەت ، پەرلەمان ، نوێنەرانی كورد له بەغدا ، پارته سیاسیه كوردستانەیەكان ، تائێستا هەلوێستی خۆیان دەرنەبریوه یان ئەوەتا لەئاستی ئەو بەرپرسیارەتیه مێژوویەدا نین كه لەچەندین لایەنەوه خەریكن دەباره ئاسا پیلان دژ به گەلەكەمان ئەنجام دەدەن ، بەتایبەتی ئەو هەلوێسته داكۆكیكەره ی سەرۆكایەتی كۆماری عێراق ( جەلال تالەبانی و تاریق هاشمی ) له جەلادی ئەنفال (سوڵتان هاشم ) ، كه ڕێگری دەكەن لەبواری یاساییدا بۆ جێبەجێنەكردنی بریاری ئەو دادگایه ی كه خۆیان ئیمزایان كردوه .

بۆیه ئێمه داوا له خەلكی كوردستان ، رەوەندی كورد لەهەندەران دەكەین كه دەست به خۆپیشاندان و نارەزایەتی بكەن بۆ بەردەم سەفارەتەكانی حكومەتی عیراق . كه ئێمه وەک چاک سوێد به بەنیازین خۆپیشاندانێک له ستۆكهۆلم بۆ بەردەم سەفارەتی عێراق رۆژی شەممه 24 /2007/11 ڕێک بخەین

بۆیه داواكارین له كوردستانیانی ستۆكهۆلم وچواردەوروبەرەكەی كه بەشداری چالاكانه لەو خۆپیشاندانه بكەن وەک وەفاداری و ڕیزگرتنەک له سەدان هەزار مرۆڤی كورد كەبەدەستی جەلادانی وەک سولتان هاشم شەهید كران ، وه هەمووشمان لەبەرامبەر محەک و هەلسەنگاندنی چەند ساتێكی مێژوویداین.

با هەمومان بلێن نا بۆ ئازادكردنی جەلادانی دەیان هەزار ژن ومنالی كورد
بەلێ بۆ سزادانی تاوانبارانی گەلەكەمان بێ جیاوازی.

**ناوەندی چاک / كۆمیتەی سوێد**
20071117
www.chak.be
chak_org@yahoo.com